**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارەی : ١٧٦٠٢ لە ٢٠١٩/١٠/٢٧**

## ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩
## ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١) و (٢٠١٩/١٠/٦) ئەنجام درابوو ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**تەوەری یەکەم/ مەرجەکانی پێشکەشکردن و ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ:-**

**١- تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس:-**

أ- تێکڕای نمرە (معدل)ی (٦٠%) بۆ هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس مەرجە بۆ پێشکەشکردن (جگە لە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی، کە ڕەچاوی تێکڕای نمرەیان بۆ ناکرێت)، هەروەها ئەوانەی هەڵگرانی نازناوی زانستی هەمیشەیین. بۆیە تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک یەک خاڵ وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٦٥%) شەست و پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت، ئەو خوازیارانەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان کەمترە لە (٦٠%) ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرن).

ب- سەبارەت بەو خوازیارانەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە و دواتر بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمیان بەدەستهێناوە پێش ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) و لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس+ تێکرای نمرەی دبلۆمی باڵا لە ماستەر لە زانکۆکانی کوردستان وەرگیراون, ئەوا بۆیان هەیە پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن. سەبارەت بە چۆنیەتی ئەژمارکردنی خاڵ بۆ چوونە ناو پێشبرکێ ئەوا بە کۆکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس (٤٠%) + تێکرای نمرەی دبلۆمی باڵا (٦٠%) وەکو نمرەی بەکالۆریۆس بۆیان ئەژمار دەکرێت، واتە تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت.

ج- سەبارەت بە پاڵەوانانی وەرزشی، ئەوانەی کە تێکڕای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە یان لە چارەگی یەکەمی دەرچووانی خولی یەکەم نین و لەسەر میلاکی دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا خزمەت دەکەن، ئەوا بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن و پێویستە ئەم مەرجانەیان تێدا بێت:-

١-هەڵگری بڕوانامەی ماستەر بێت لە بواری پەروەردەی وەرزشی.

٢- مەرجە یاریزان بێت و لە ماوەی (٥) ساڵی پێشتر پلەی یەکەمی بەدەست هێنابێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان یان (یەکەم یان دووەم یان سێیەم ) لەسەر ئاستی عێراق یان (یەکەم تاکو پێنجەم) لەسەر ئاستی وولاتە عەرەبیەکان یان (یەکەم تاکو هەشتەم) لەسەر ئاستی کیشوەری ئاسیاو جیهان .

٣- پێویستە پێشکەش کار پشتگیری بکرێت تەنها لەڕێگەی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانەوە بە نوسراوی فەرمی.

٤- لیژنەیەکی پسپۆڕ لە زانکۆکان وردبینی ئەم دۆکیۆمێنتانە دەکات.

٥- مەرجە بۆ یەکەمجار ئەو خوازیارە سوودمەند بێت وەک پاڵەوانی وەرزشی بۆ پێشکەشکردنی خوێندنی دکتۆرا، واتە ئەگەر لە خوێندنی بەکالۆریۆس یان لە خوێندنی ماستەر سوودمەندبووبێت و وەک پاڵەوانی وەرزشی وەرگیرا بێت ئەوا وەک پاڵەوانی وەرزشی مافی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی دکتۆرا نییە.

٦- مەرجی پاڵەوانی وەرزشی تەنها لە مەرجی کۆنمرەی بەکالۆریۆس دەبەخشرێت بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە رێکەوتی پشتگیری کردنی وەکو پاڵەوانی وەرزشی.

**٢- تێکڕای نمرە (معدل)ی ماستەری ئەکادیمی:** خوازیار مەرجە تێکڕای نمرەی ماستەری ئەکادیمی (٧٠%) کەمتر نەبێت بۆ پێشکەشکردن، بۆیە ئەو نمرەیە هیچ خاڵ وەرناگرێت، واتە (٠) سفر (خاڵ) ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵ وەردەگرێت، (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٧٥%) حەفتا و پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت.

**٣- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پێشکەشکردن:** لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن هەموو خوازیارێك مافی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی باڵا/دکتۆرا هەیە بەبێ هەبوونی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی، بەڵام مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنی ئەکادیمی و پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی یەکێک لەم دوو مەرجەی خوارەوە سەبارەت بە توانستی زمانی ئینگلیزی دەستەبەر بکات بە پێچەوانەوە ئەگەر مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی داواکراوی هاتوو لە خاڵی (أ یان ب)ی خوارەوەی لە ماوەی یاسایی خوێندن و ماوەی درێژکردنەوەی خوێندنی بە پێی یاسا و رێنماییەکان بەدەست نەهێنا، ئەوا راستەوخۆ فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین قید)یان لە زانکۆکان بۆ دەردەکرێت:-

**أ-** مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراو بەشداری بکات لە خولی فێرکاری زمانی ئینگلیزی لە سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان و تاقیکردنەوەی دیاریکردنی ئاست (Placement Test) ئەنجام بدات بە پێی ئاستەکەی بەشداربێت لە خولەکە هەروەکو لە خشتەی خوارەوە رووونکراوەتەوە و دواتر مەرجە قوتابی/خوێندکاری وەرگیراوی بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان ئاستی (Pre-intermediate) و بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان ئاستی (Intermediate)ی لە سێنتەرەکانی زمان بە سەرکەوتوویی تەواو بکات و لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئاست دەربچێت.

| ئاست (Level) | کۆد | Academic-IELTS | TOEFL-iBT | TOEFL-PBT | PTE | ئاست دوای تەواوکردن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Beginner | A1 | 3 یان کەمتر | 1-19 | 1-370 | 1-24 | A2 |
| Elementary | A2 | 3.5 | 20-30 | 371-383 | 25-35 | B1 |
| Pre-intermediate | B1 | 4 و 4.5 | 31-58 | 384-413 | 36-51 | B2 |
| Intermediate | B2 | 5 و 5.5 | 59-72 | 414-496 | 52-66 | C1 |

**ب-** یان مەرجە نمرەی (5)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی نێودەوڵەتی (IELTS- Academic) یاخود هاوتاکانی وەکو(Pearson Academic-PTE, TOEFL-iBT, TOEFL-PBT) بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان و نمرەی (6)ی لە تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی(IELTS-Academic) یاخود هاوتاکانی وەکو (Pearson Academic-PTE, TOEFL-iBT, TOEFL-PBT) بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی بۆ بواری زانستە پەتی و سروشتی و پراکتیکی و ئەندازەیی و پزیشکیەکان بەدەست بهێنێت.

**تێبینی/**

أ. سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو ( IELTS- Academic، TOEFL، Pearson Academic-PTE) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) کاری پێدەکرێت، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستراليا). بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

ب. پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی (IELTS و TOEFL و PEARSON Academic-PTE )ی پێشکەشکاران بکەن.

ج. بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی کوردستان کە لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩) بە شێوازی نوێ کراوەتەوە بۆ ماوەی (٣) سێ سال کاری پێدەکرێت. هەروەها تاقیکردنەوە نێودەوڵەتیەکانی زمانی ئینگلیزی وەکو (IELTS- Academic ، TOEFL، PEARSON Academic-PTE) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) کاری پێدەکرێت بە مەرجێك ئەو بڕوانامانەی ( TOEFL، PEARSON Academic-PTE) کە ماوەی دوو سالیان بەسەر تێپەریووە، پێویستە پێشووتر راست و دروستی بۆ بڕوانامەکانیان لە زانکۆکان ئەنجام درابێت.

د. ئەو پێشکەشکارانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس و ماستەرن لە پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان)، پێویستە تاقیکردنەوەی توانستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام بدەن و هەمان ئاستی خاڵی (٣-مەرجی زمانی ئینگلیزی) لە (تەوەری یەکەم)ی ئاماژە پێدراو لەسەریان جێبەجێ دەکرێت.

ه. ئەگەر دوو پێشکەشکار لە پێشبڕکێ هەمان نمرەیان بەدەستهێنابوو، ئەوا ئاستی زمانی ئینگلیزی و ژمارە و فاکتەری کاریگەری توێژینەوە بڵاوکراوەکانیان دەبێتە پێوەری یەکلاکەرەوە.

و. ئەگەر لە کاتی پێشکشکردن، پیشکەشکار توانستی زمانی ئینگلیزی بە پێی خشتەی خالی (أ)ی سەرەوە هەبوو، ئەوا بۆ هەر ئاستێك (٢) دوو خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت لە کاتی چوونە پێشبرکێ.

**٤- مەرجی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی:**

أ- تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر نمرەی (٣٠%) ئەنجام دەدرێت و مەرجە پێشکەشکار لەم تاقیکردنەوەیە دەربچێت (واتە بە لایەنی کەم ١٥ نمرە لە ٣٠ نمرەی تەرخانکراو بۆ تاقیکردنەوە بە دەست بهێنێت بە پێچەوانەوە مافی چوونە پێشبرکێی نیە)، پێویستە (١٥%) پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە پسپۆڕی گشتی بێت و (١٥%)ی تری پرسیارەکان لە پسپۆڕی وردی بوارەکەی بێت. لێرەدا نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خالی بۆ زیاد دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (١٦)ی هێنا لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، ئەگەر (٢٠) بیستی بەدەست هێنا ئەوا (٥) پێنچ خالی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ.

ب- پێویستە لیژنەی زانستی بەش یان لیژنەیەکی تایبەت سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکان بکات و نابێت پرسیارەکانی پسپۆڕی گشتی و پسپۆڕی ووردی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر بنەمای پرۆپۆزەڵەکان دابندرێت.

ج- دەبێت پرسیارەکانی پسپۆڕی گشتی لەسەر بنەمای بڕوانامەی بەکالۆریۆس (یان لقی سەرەکی بەش بێت) و پرسیارەکانی پسپۆڕی ووردی لەسەر بنەمای لقی سەرەکی بڕوانامەی ماستەری پێشکەشکار بێت.

د- پێویستە لەگەڵ پێشکەشکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لە لایەن مامۆستایان، وەڵامی نمونەیی پرسیارەکان پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوەکان بکرێت.

**٥- مەرجی تەمەن** : میچ (سقف)ی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، واتە نابێت تەمەنی خوازیار لە (٥٥) پەنجا و پێنج ساڵ (لەسەر بنەمای ساڵی لەدایکبوون) زیاتر بێت، لەسەرووی (٥٥ ساڵ) دەتوانێت بەشێوازی پارالێل پێشکەشی بکات.

**٦- مەرجی ساڵانی خزمەت:**

أ- بۆ خوازیارانی دامەزراو (واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێک لە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دامەزراندنی هەبێت تا رێکەوتی دەستپێکردن بە خوێندنی دکتۆرا، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە. بۆیە هیچ خاڵ تەرخان ناکرێت بۆ ئەو پێشکەشکارەی کە دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر تەنها (٢) دوو ساڵ خزمەتی فیعلی هەیە، بەڵام بە زیادبوونی هەر ساڵێکی خزمەت ئەوا (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت و خزمەتی مانگیش دوای دووساڵەکە بەپۆینت ئەژمار دەکرێت بۆ وەرگرتنی خاڵ، واتە ئەگەر پێشکەشکار دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر (٧) حەوت ساڵ خزمەتی فیعلی تەواوی هەبێت ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردنی لە پێشبرکێ، بە مەرجێک لە (١٠) دە خاڵ زیاتر نەبێت.

ب- ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵی دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر، راستەوخۆ مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە خوازیاران بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری (حکومی) دانەمەزراون، بە پێچەوانەوە خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە و رێکاری یاسایی بەرامبەری دەگیردرێتەبەر.

**٧- بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع):**

أ. بۆ هەر توێژینەوەیەکی خاوەن ئیمپاکت فاکتەر (Impact Factor) لە لیستی (Clarivate Analytics) (١٠) دە خاڵ و بۆ توێژینەوەی خاوەن سکۆپەس (Scopus) (٧.٥) خاڵ و بۆ توێژینەوەی بلاوکراوە لە گۆڤاری زانستی ناوخۆ (٥) پێنج خاڵ دەدرێت بە پێشکەشکار بە مەرجێک گۆڤارەکان لە وێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت.

ب. داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بە هەمان شێوەی توێژینەوەی زانستی (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت بەو پێشکەشکارەی کە (براءة الأختراع)ی وەرگرتووە بە مەرجێك لە گۆڤارێکی زانستی بڕواپێکراو بڵاویکردبێتەوە.

ج. کۆی گشتی میچ (سەقف)ی وەرگرتنی خاڵ لە بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بریتی دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج خاڵ بۆ بەشداریکردن لە پێشبرکێ، واتە تەنها (٥) پێنج توێژینەوە یان داهێنانی زانستی ئەژمار دەکرێت.

**٨- پرۆسـەی دڵنیـایی جـۆری:** پێویسـتە مامۆسـتایانی پێشکەشـکار لە زانکۆکـانی هەرێمـی کوردسـتان لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری وەکو (زانست خوازی بەردەوام و هەگبەری مامۆستا و فیـدباکی قوتـابی)ی دوایـین سال دەرچوو بن، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنیان نییە، بەڵام هیچ خاڵ بۆ پرۆسەی دڵنیایی جـۆری بـۆ مەبەستی پێشکەشکردن وەرناگرن.

**تێبینی/** کۆی خاڵەکان بۆ ئەو پێوەرانەی سەرەوە دەبێتە کۆی خاڵەکانی پێشکەشکاران و ڕیزبەندی خاڵەکانی پێشبڕکێ.

**تەوەری دووەم/ مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا:**

١- بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە (١) یـەك پرۆفیسـۆر + (٣) سـێ پرۆفیسـۆری یاریدەدەر هەبێت کە هەڵگری بروانامەی دکتۆرا بن و پسپۆڕیان لە هەمان بواری بەشـەکە بێـت و مەرجیشـە ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشـینکراو بـن لـە هـەمان ئـەو بەشـە یــاخود شــەراکەتی ئــەکادیمییان لــەگەڵ زانکۆکــان هــەبێت لە ڕێــگەی ڕێکەوتننــامە و خســتنەرووی بە دۆکیومێنت، لێرەدا پێویستە ئەو بەرێزانە کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢-پێویستە بەشەکە یەك خولی دەرچووانی ماستەری هەبێت.

٣- سەبارەت بە کـردنەوەی خوێنـدنی دکتـۆرا لە بەشـە هاوشـێوەکانی هەمـان زانکـۆ وەکـو (کـوردی و کـوردی، عەرەبی و عەرەبی، ئینگلیزی و ئینگلیـزی، کیمیـا و کیمیا...هتـد) دەکرێـت سـتافی هەردوو بەشـەکە لە کـاتی هەبوونی مەرجەکانی خاڵی (١ و ٢) یەك و دووی سەرەوە خوێندنی دکتۆرا بکەنەوە.

٤- سەبارەت بە پسپۆڕی کۆمەڵەی پزیشـکی، مەرجـەکانی خـاڵی (١ و ٢) یـەك و دووی سـەرەوە لەسـەر ئاسـتی (کۆلێژ/ سکوڵ) ئەژمار دەکرێت.

٥- پێویستە زانکۆکان پلانی خوێندنی دکتۆرا ئامادە بکەن لەو بەشانەی کە پێشووتر خوێندنی دکتۆرایان تێدا کراوەتـەوە بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (٢٠١٦-٢٠١٧) و ئێسـتاش مـەرجی خـاڵی (١ و ٢) یـەك و دووی سـەرەوە و پێداویستی بەردەوامیان تێدایە بە ڕەچاوکردنی ئەو مامۆستایانەی مەرجـی سەرپەرشـتیکردنیان بـە پێـی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) تێدا هەیە، واتە بەپێی بوونی مامۆستای پسپۆر بە پلەی زانستی پێویسـت بەپێی ڕێنماییەکان و بوونی پێداویستیە زانستییەکانی دیکە بۆ خوێندنی دکتۆرا.

٦- سەبارەت بەو بەشانەی کە دەیانەوێت خوێندنی دکتۆرا بکەنەوە بۆ یەکەم جار و مەرجەکانی خـاڵی (١ و ٢) یەك و دووی سەرەوەیان تێدایە و یەك خـولی ماسـتەریان دەرچوواندووە، دەتـوانن پرۆپـۆزەڵی کردنـەوەی خوێندنی دکتۆرا پێشکەش بە وەزارەت بکەن بۆ مەبەستی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی.

٧- ناونیشـان و پرۆپـۆزەڵێکی سـەرەتایی (أولـي) بـۆ خوێنـدنی دکتـۆرا لەلایەن ئەو مامۆسـتایانەی مەرجـی سەرپەرشتیکردنیان بە پێی ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار تێـدا هەیـە پێشکەش بـە بەشـی زانسـتی دەکرێـت، پێویستە پرۆپۆزەلەکان لەسەر بنەمای پێویستی بازاڕی کـاری هەرێمـی کوردسـتان و ڕەنگدانەوەی کێشـە و گیروگرفتەکانی سـەردەم و زیـاتر خـزمەت کـردن بە ڕەوتـی زانسـت لە کوردسـتان بە ئامـانجی بەسـتنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر و ...هتد، پێشکەش بە بەشی زانستی بکرێن، هەروەها پێویسـتە پرۆپۆزەڵـەکان لـە لایـەن لیژنــەی زانسـتی بـەش پەسـەند کرابێـت و دواتـر لە کـاتی نـاردنی پلانـی زانکۆکـان وێنەیەکـی پرۆپۆزەڵەکـان ڕەوانەی وەزارەت دەکرێـت بە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی بە ڕاوێژکـردن لەگەڵ پسـپۆڕ و شارەزایانی ئەو بوارە، مەرجیش نییە لەم سیستەمەدا سەرپەرشتیاری دەرەکی هەبێت.

٨- دەکرێت لە ماوەی خوێندنەکەیدا قوتابی/ خوێندکاری بەشە زانستیەکان و بەشە مرۆڤایەتییەکان (٣) سێ تا (٦) شەش مانگ بچێتە دەرەوەی وڵات بەپێی ڕەزامەندییەکی فەرمی لە نێوان سەرپەرشتیار و زانکۆکەی دەرەوە، بە مەبەستی ئاشنابوون بە سیستەمی ئەو جۆرە خوێندنە و ئەنجامدانی بەشێک لە توێژینەوەکەی لەو زانکۆیە، لێرەدا چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا بە پێی سیستەمی (Sabbatical Leave) دەبێت بۆ ئەوانەی سەر بە دام ودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین و چوونە دەرەوە بۆ سەرپەرشتیار بە شێوازی شاندکردن (إیفاد) دەبێت بەمەرجێک لە مانگێک تێپەر نەکات، واتە ئەم بڕگەیە بەشێوەی (جواز) جێبەجێ دەکرێت و دەکرێ قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار نەچنە دەرەوەی وولات.

**تێبینی:**

أ. لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار پێویستی بە چوونە دەرەوە بۆ زانکۆی دەرەکی نەبوو, ئەوا سەرپەرشتیاریش پێویست ناکات بچێتە دەرەوەی وڵات.

ب. سەبارەت بە قوتابیان و خوێندکارانی دکتۆرا کە بە سیستەمی پاراڵێل دەخوێنن، چوونە دەرەوەی قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار کە لە خاڵی (٨)ی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەوا تێکرای خەرجیەکە لەسەر خودی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بەڵام بۆ ئەوانیش بە شێوەی (جواز) جێبەجێ دەکرێت و دەکرێ قوتابی/خوێندکار و سەرپەرشتیار نەچنە دەرەوەی وڵات.

ج. ماوەی خوێندنی دکتۆرا لەم سیستمەدا بریتیە لە (٣) سێ ساڵ، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە، لە کاتی پێویستدا دەکرێت ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێت بۆ درێژکردنەوە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم بەبێ مووچە (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن بۆ دەردەچێت.

د. بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢٩) ئەنجامدرا ڕەزامەندی دراوە لەسەر کردنەوەی خوێندنی باڵا/ دکتۆرا لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێک لە زانکۆکان، وە بڕوانامەی دکتۆرا لە لایەن زانکۆیەکەوە بەهاوبەشی دەدرێت لۆگۆ (ئارم)ی هەردوو لای لەسەر دەبێت.

ە. وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە ئەنجومەنی کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان (کە هاوتایە بە بڕوانامەی دکتۆرا) بە پێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت کە لە لایەن ئەنجومەنی کوردستانی پێشنیاز دەکرێت و لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند دەکرێت.

**تەوەری سێیەم/ سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن یاخود هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین:**

١. هاوڵاتی عێراقی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی پێشکەشکردنی هەیە بۆ خوێندنی باڵا/دکتۆرا بە سیستمی پاراڵێل بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە.

٢. سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی عێراقن (واتە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین) واتە پێشکەشکاری نێودەوڵەتین، ئەوا مافی پێشکەش کردنیان بۆ خوێندنی باڵا/دکتۆرا هەیە بە هەمان مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە و ئەگەر لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون، ئەوا ڕاستەوخۆ بە سیستمی پاراڵێل وەردەگیرێن و ناچنە پێشبرکێ، مەبەست لەم هەنگاوە بریتییە لە هاندانی پێشکەشکاری نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی درێژەدانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ پڕبکاتەوە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە.

**تەوەری چوارەم : پێداویستییە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا:**

١- وەرگرتنی کۆڕسەکان: پێویستە کاندیدی دکتۆرا لە وەرزی یەکەمی خوێندنەکەیدا کۆرسەکانی خوێندنی دکتۆرا وەربگرێت کە بریتی دەبێ لە کۆڕسی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و پسپۆڕی وردی خوێندنەکە، کە لە لایەن سەرپەرشتیار و بەشی زانستی دەستنیشان دەکرێت و لە لایەن ئەنجومەنی (کۆلێژ/سکول)ەوە پەسەند دەکرێت.

٢- شێوازی کۆرسی ئەکادیمی خوێندنی دکتۆرا لەسەر شێوازی سیستمی بۆلۆنیا پرۆسێس دەبێت و دواتر ووردەکاری شێوازی خوێندنی کۆرسەکە و قۆناغەکانی دیکەی خوێندن بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت.

٣- مەرجە قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکاندا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی کۆڕسەکاندا تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بە پێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا سڕینەوەی ناو (ترقين القيد)یان بۆ دەردەکرێت.

٤- پێویستە قوتابی خوێندکاری زانستە مرۆڤایەتیەکان و زانستە سروشتی و پەتی و پراکتیکیەکان و پزیشکیەکان یەک توێژینەوە بڵاوبکاتەوە کە گۆڤارەکە لە (Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابێت یاخود یەك توێژینەوەی (Scopus) و یەك توێژینەوەی لەگۆڤاری زانستی زانکۆکانی کوردستان بڵاوبکاتەوە، بەمەرجێک گۆڤارەکان لەوێبسایتی ریزبەندی زانکۆکانی کوردستان (NUR) دانپێدانراو بێت

٥- پێویستە تێزی دکتۆرا بەشدارییەکی ڕەسەن بێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارەکەیدا و هەڵسەنگاندنیش بریتی دەبێت لە گفتوگۆی زانستی تێزەکە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە.

٦- ڕێنمایی تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا بە گوێرەی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) دەبێت و شێوازی تاوتوێکردن بە شێوەی داخراو یان کراوە دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش دەسەلات دەدرێت بە ئەنجومەنی زانکۆکان بۆ بڕیاردان لەسەر شێوازی تاوتوێکردن کە ئایا داخراو بێت یاخود کراوە.

**تەوەری پێنجەم : تێبینیە گشتییەکان:**

١-مەرجە پێشکەشکار بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە یەك بەشی زانستی هەبێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە و هەروەها پێویستە پێشکەشی هەمان بەش و پسپۆری خوێندنی ماستەرەکەی بکات.

٢- بەپێی ئەم ڕێنماییە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە دامودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەروەها دامودەزگاکانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەتوانن داواکاری بۆ ئەم خوێندنە پێشکەش بکەن بە پێی تەوەری شەشەم و حەوتەمی ئەم ڕێنماییە.

٣- کاندیدانی خولی دووەم و سێیەمی بەرنامەی تواناسازی مرۆیی بۆ خوێندنی دکتۆرا ئەوانەی تا ئێستا مامەڵەکانیان پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەیان نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن، دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، ئەگەر لە پێشبرکێ سەرکەوتوو بن و بە فەرمی وەرگیران ئەوا ناویان لە لیستی کاندیدانی تواناسازی دەسڕێتەوە، بەڵام ئەگەر وەرنەگیران ئەوا مافیان وەك کاندیدی تواناسازی پارێزراو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێشکەشکار پێویستە لە (وەزارەتی خوێندنی باڵا/ فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە ڕۆشنبیرییەکان) نووسراوی فەرمی بهێنێت کە مامەڵەکەی پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەی نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن.

٤- ئەو کاندیدانەی بە پێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی نێردراوان بۆ دەرەوەی وڵات و یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقین القید) کراون بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نییە تا تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان و سڕینەوەی ناویان.

٥- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبن تا دوایین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت، یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستیان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٦- مۆڵەتی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت، تەنها ئەو پێشکەشکارانەی خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیین (ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن) و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی میلاکی هەمیشەیین، ئەوا مۆڵەتەکەیان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (تفرغ جزئی) دەبێت بە پێی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٣٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٧- بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی. ( واتە نمرەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت).

٨- بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکەی ناوەوەی هەرێم یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

٩- ئەگەر لە بەشێکی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/خوێندکاری دکتۆرا وەرگیرا، دەتوانێت دەست بە خوێندنی ئەکادیمی بکات بەڵام پێویستە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە پرسیاری تاقیکردنەوە دابنرێت و لە لایەن هەمان لیژنە هەڵەچن بۆ پەراوی تاقیکردنەوەکە بکرێت.

١٠-بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتیاط) لە خوێندنی باڵا بوونی نییە، بەڵکو تەنها وەرگیراو بوونی هەیە.

١١-پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، سەرەڕای سڕینەوەی ناوی لە خوێندن.

١٢- پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٤/١٣) لە (٢٠-٧-٢٠١٧)، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بکەن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، هەوروەها پاڵپشت بە کۆبوونەوەی (لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا)ی ئەنجامدراو لە ڕێکەوتی (٢٠١٧/٢/١٥) و هەروەها پاڵپشت بە ڕادەربرینی ئەنجومەنی شورای هەرێم ژمارە (٢٠١٧/١١) لە (٩-٧-٢٠١٧) و گشتاندنی وەزارەت ژمارە (١٠٠٧) لە (٢٠١٧/٨/٢) بەڕێزان (خاوەن پلە تایبەتەکان- أصحاب الدرجات الخاصة) تاوەکو لەو پۆستەدا بن بۆیان نییە پێشکەشی خوێندنی باڵا/دبلۆمی باڵا- ماستەر- دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بکەن لەبەرئەوەی ناتوانرێت خوێندن و ئەو جۆرە پۆستە پێکەوە ڕاهی بکرێت.

**تەوەری شەشەم: پلان و ژمارەی کورسیەکانی دکتۆرا:** دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، وەزارەت لە ڕێگەی فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بەفەرمی داوای پلان لەزانکۆکان دەکات، زانکۆ هەڵدەستێ بەئامادەکردنی پلانی خوێندنی دکتۆرا بەپێی ڕێنماییەکان و ژمارەی کورسیەکان دیاری دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکەوە پلانی خوێندنی دکتۆرا و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و دواتریش لە لایەن وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت، ژمارەی کورسیەکان لەسەر بنەمای ژمارەی پرۆپۆزەڵە سەرەتاییەکان لە هەر بەشێکی زانستی ئەژمار دەکرێت، بەڵام پرۆپۆزەڵ و ناونیشانی پرۆپۆزەلەکان لە قۆناغی پرۆسەی پێشکەشکردن ڕاناگەیەنرێت، بەڵکو دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی و وەرگرتنی کاندیدەکان، ئەوا پرۆپۆزەڵەکان بە هەماهەنگی سەرپەرشتیار و سەرۆکایەتی بەشی زانستی و لیژنەی زانستی بەش پرۆپۆزەلەکان بەسەر کاندیدەکان دابەش دەکرێت، کورسیەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

**١-** کورسیە گشتیەکان بە شێوەی خۆرایی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ژمارەیەك لە کورسیەکان بە پێی ڕێژەی خاڵی (١)ی سەرەوە تەرخان دەکرێت بۆ (زانکۆکان و زانکۆ نوێیەکان و زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکان)، لەم حاڵەتەدا تەنها خوازیارانی میلاکی ئەو زانکۆیانەی کە کورسیان بۆ تەرخانکراوە بۆیان هەیە پێشبرکێ لە نێوان خۆیان بکەن لەسەر ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆیان تەرخان کراوە، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بەپێی ڕێژەی کورسی تەرخانکراو لە پلان وەردەگیرێت.

ب- کورسیەکانی دیکە دەبێت بە (کورسی گشتی) کە هەموو پێشکەشکارێکی دامەزراو بە شێوەی هەمیشەیی لە دامودەزگاکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی هەیە پێشکەشی بکات و لە نێوان خۆیان پێشبرکێ بکەن لەسەر ژمارەی کورسیەکان، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

**٢-** (کورسی بە شێوازی سیستمی پاراڵێل) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أ- ڕێژەیەک لە کورسیەکان بە شێوەی پاراڵێل تەرخان دەکرێت بۆ گشت پێشکەشکاران واتە ئەو پێشکەشکارانەی کە دانەمەزراون لە هیچ دامەزراوەیەکی حکومی یان دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکومەت بۆیان هەیە پێشکەشی کورسیەکانی پاراڵێل بکەن.

ب- پێشکەشکردن لەسەر ڕێژەی کورسیەکانی پاراڵێلی خاڵی (أ)ی سەرەوە بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

**تێبینی /**

أ. هەركاتێک كورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەكانی كورسی تەرخانكراو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك كورسییەكان پڕ ناكرێتەوە.

ب. هیچ زانكۆیەک بۆی نییە كورسی خوێندن زیاد بكات بۆ پلانی پەسەندكراو لە لایەن وەزارەتەوە.

ج. بۆ دیاریكردنی ژمارەی كورسیەكانی خوێندنی دكتۆرا لە هەر بەشێك، پێویستە میلاكی ستافی ئەو بەشە و رەچاوكردنی میچی سەرپەرشتیكردن بە گوێرەی رێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) و پێداویستی راستەقینەی خوێندنی دكتۆرا بكرێتە پێوەری سەرەكی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتی خوێندنی باڵا چاودێری و وردبینی پلانەكانی خوێندن دەكات.

د. كورسی بۆ هیچ وەزارەت و دامەزراوەیەک تەرخان ناكرێت، بەڵكو فەرمانبەرانی ئەم دامەزراوانە دەتوانن لەسەر كورسیەكانی گشتی و كورسیەكانی پاراڵێل پێشكەش بكەن.

ه. لە حاڵەتی تەرخانكردنی كورسی بۆ زانكۆ نوێیەكان و زانكۆ پۆلیتەكنیكیەكان مەرجە كورسی لە پسپۆری داواكراو وەكو بەش لە زانكۆ نوێیەكان و پۆلیتەكنیكیەكان بوونی هەبێت.

و. پێویستە خوازیار لە كاتی پێشكەشكردن تەنها یەک شێوازی پێشكەشكردنی كورسی هەڵبژێرێت، واتە نابێت پێشكەشی دوو شێوازی كورسی بكات.

**تەوەری حەوتەم: سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:-**

١- بۆ ئەو خوازیارانەی لەسەر كورسیە گشتیەكان بە شێوەی خۆرایی وەردەگیردرێن، ئەوا گشت تێچووی خوێندنەكە لە ئەستۆی ئەو زانكۆیە دەبێت كە خوێندنی دكتۆرای كردۆتەوە.

٢- ئەو خوازیارانەی لەسەر كورسی پاراڵێل وەردەگیردرێن، ئەوا تەواوی تێچووی خوێندنی ماستەرەكەیان لە ئەستۆی قوتابی/خوێندكار دەبێت، بۆیە پێویستە پێشكەشكار لە كاتی پرۆسەی پێشكەشكردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانكۆ پڕبكاتەوە كە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەكە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە، كرێی خوێندنی دكتۆرا بە شێوازی پاراڵێل لەلایەن ئەنجومەنی زانكۆكانەوە پێشنیار دەكرێت و لە لایەن وەزارەت/فەرمانگەی توێژینەوەی پەرەپێدان/بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی كارگێری و دارایی پەسەند دەكرێت.

**تەوەری هەشتەم:** ئەم رێنماییە لە رێكەوتی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێت و هەر رێنماییەكی تر لەمەو پێش دەرچووە كە ناكۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم رێنماییە، ئەوا كاری پێناكرێت.

**هۆیەكانی دەرچوونی ئەم رێنماییە**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و گەشەپێدانی زیاتری خوێندنی دكتۆرا لە زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان، ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رێنمایی خوێندنی دكتۆرای دەركرد، ئامانج لەم رێنماییە بریتیە لە ڕەخساندنی هەلی ئەم شێوە خوێندنە بە ڕەچاوكردنی پرۆسەی بەرز ڕاگرتنی كواڵیتی خوێندن و توێژینەوەی زانستی.

**د.ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندی باڵاو توێژینەوەی زانستی**